# گۆران و هێریك

## لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكارییە

## لە نێوان دوو هۆنراوەیاندا:

## "بۆ گوڵی لاولاو" و "بۆ گوڵەنێرگزەكان"

د. گەلاوێژ ئیبراهیم محیالدین. زانكۆی سلێمانی . كۆلێجی زمان . بەشی زمانی ئینگلیزی

### 1- گۆران و هۆنراوەی ئینگلیزی

یەكێك لە سەرچاوە هەرە گرنگەكان كە گۆران ئیلهامی شیعری لێهەڵهێنجاوە ئەدەبی ڕۆژ ئاواییە ،بەتایبەتی ئەدەبی ئینگلیزی. لەسەرەتادا ئاشنایەتی گۆران لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزیدا لە ڕێی خوێندنەوەی ئەو شاكارە ئینگلیزیانەی وەرگێردرابوونە سەر زمانی توركی دەستی پێ كردووە وەك گۆران خۆی ئەڵێ :" هەندێ لەبەرهەمەكانی شیللی و بایرۆنم بە توركی ئەخوێندەوە بەڵام دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و شارەزایی پەیدا كردنم لە زمانی ئینگلیزی توانیم بەرهەمەكانیان یەكسەر بەئینگلیزی بخوێنمەوە " 1 لەراستیدا تام و چێژی شیعر وئەدەبی ئینگلیزیكاریگەریەكی زۆر قووڵ گرنگیهەبووە لەسەر شیعری گۆران، بەتایبەتی شیعرە ڕۆمانسیەكانی، بە شێوەیەك كە زۆر گرانە بۆ هەر توێژەر یان رەخنەگرێك كە بە هەموو لایەنەكانی شیعری گۆران پەی ببات بێ ئەوەی لێكۆڵینەوەی قووڵ و فراوان و بەراوردكاری بكات لە نێوان شیعری گۆران و شیعر و ئەدەبیاتی ئینگلیزیداو ئەو كاریگەرییەی كە ئەدەبی ئینگلیزی كردوویەتیە سەر شیعری گۆران بە شێوەیەكی زانستیانە بەرچاوبخات .

ئەو راستیە روون و ئاشكرایەی كە بۆ ئەدەب دۆستانی هەردوو ئەدەبی ئینگلیزی و كوردی دەرئەكەوێ ئەوەیە كە شیعری شاعیرە رومانتیكی و میتافیزیكیەكانی ئینگلیز وەك وۆردزورپ ( Wordsworth )وشیللی ( Shelley ) و لۆرد بایرن (Lord Byron ) و كیتس ( Keats ) و كۆلیرج (Coleridge ) و رۆبرت هێریك (Robert Herrick ) و ئۆسكار وایلد(Oscar Wilde ) و روبرت بێرنز (Robert Burns ) واولیڤر گولدسمیث (Oliver Goldsmith )و چەندانیتر، بوون بە سەرچاوەیەكیبەهادار بۆ گۆران بە جۆرێ كە ئیلهام و سۆزێكی چڕوپڕی لێهەڵهێنجاون و بەكاری هێناوە بۆ بەپێز كردنی بەرهەمەكانی. مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی لە لێكۆلینەوەیەكیدا بە ناونیشانی ( گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی) ئەڵێ : " ئەگەر بە چاوێكی سەرنج و بایەخدارەوە لاپەرەی دیوانەكانی گۆرانی گەورە هەڵدەینەوە و بەتایبەتی سەرنجی ئەو شیعرانە بدەین كە لەبارەی سۆز و خۆشەویستی و ئافرەت و جوانی وفەلسەفەی ژیان و ڕازاوەیی سروشتەوە ئەدوێن، بەمەرجێك شارەزایمان لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هەبێت ، هەر زوو پەی بەو ڕاستیە بەڵگە نەویستە ئەبەین كە شیعر و سەرجەم ئەدەبیاتی ئینگلیزی رۆڵێكی ئێجگار گرنگیان بینیوە لە ژیانیدا ، بیری وورد و خەیاڵی تیژی ئەو شاعیرانە لە كێشانی چەندەها وێنەی هونەری و تابلۆی جوان و دیمەنی سروشت وهۆگر بوونی مرۆڤ بە دیاردەكانی .... گۆرانیان گواستەوە بۆ قۆناغێكی تر" 2 گۆران توانی مشتێك لەو گەنجینە بەنرخەی ئەدەبی رۆژئاوایی بخاتە سەر خەرواری بلیمەتی خۆی و هەست و هۆش و توانای داهێنانی خۆی پێ موتوربە و بە پیت و بەرەكەت بكات و زۆر چالاكانە ببێتە یەكێك لە دامەزرێنەرانی ریبازی رۆمانتیكی لە ئەدەبی كوردیدا و گەشە بەو ڕێبازە بدات هەروەك دكتۆر مەعروف خەزنەدار ئەڵێ :

" گۆرانیش یەكێكە لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی رۆمانتیكیەت لە ئەدەبی كوردیدا " 3

بەو شێوەیە کەسێتی و شیعری گۆران وەرچەرخانێکی ئەدەبی گرنگیبەسەرهات و توانایەکی هونەری وای بەدەست هێنا کە زۆر داهێنان وبیرۆکەی نوێی لێ بەرهەم هات و ئەدەبی کوردی لەسەر دەستی سەردەمێك و جیهانێکی نوێی بەخۆوە دی کە پڕ بوو لە جوانی سروشت و چیا و دۆڵ و هەور و ڕووبار و سەرچاوە و باڵندە ونێرگزە جاڕ و کیژی کوردی جوان . سروشت نهێنیەکانی خۆی بۆ دركان و ئەو راستیەی بۆ دەرکەوت کە جوانی کوردستانی خۆشەویست سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووە بۆ بیرۆکەی وورد و وێنە و دیمەنی رازاوە و دانسقە و خاوەنی گونجاوترین کەرەسەی خاوە بۆ نوێ کردنەوەی ئەدەبی کوردی و داهێنانی شاکار تیایدا ، بەشێوەیەك وەك مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی ئەڵێ : " ئەو دەورەی کە ((وردزویرس )ی شاعیری ڕومانس ئینگلیزی گێرای لە ئەدەبی ئینگلیزیدا... گۆران هەر هەمان دەوری سەرکەوتووی بینیوە و هەر بەو چاوەوە سەیری مرۆڤ و سروشت و ژیانی کردووە " ٤ گۆران کە دەروازەی دنیای جوانی و مەل و وەنەوشە و نەسرینی بۆ ئاوەڵا بوو ، مەست بوو بە دیمەنی دڵفڕێنی سروشتە قەشەنگەکەی کوردستان ، " تا ڕادەیەك ئەتوانرێ پێی بوترێ سروشت پەرست **(Worship of Nature**)، ئینجا کۆمەڵە شیعرێکی ناوازەی پێشکەش کرد بە ئەدەبی کوردی و جێگایەکی فراوانیش ئەگرێ لە بەرهەمەکانیدا کەمایەی شانازی مێژووی ئەدەبی نزیك و دوورمانە " ٥

بەڵام سەرباری هەموو ئەم راستیە سەلمێنراوانەش ، هەندێ لە توێژەران و رەخنە گران هەر خۆیان بەهەڵەدا ئەبەن و پەیوەندی گۆرانیش بە ئەدەبی ئینگلیزیەوە هەر لە سنووری وەرگێران دائەبینن. بۆ نموونە مامۆستا لەتیف سەعید لە توێژینەوەیەکی دا (( ***بۆ گوڵی لاولاو)) ی گۆران و(( بۆ گوڵە نێرگزەکان*** ))ی هیریك بەراورد

ئەکات لە توێژینەوەیەکیدا بەناونیشانی(( بۆ گوڵی لاولاوو **To Daffodills** وەرگێرانە یان سود لێ وەرگرتنە )) ئەڵێ :" بەم شێوەیە وەرگێڕ توانیویەتی سەرکەوتووانە نەك تەنها ووشە بە ووشە یان واتای دەقەکە وەربگێرێ بەڵکو ئاوازو سۆز و هەستی هەڵبەستەکەش . گۆران هەروەکولە بەراورد کردنی هەردوو هەڵبەستەکەدا بۆمان دەردەکەوێ زۆر شاعرانە دەقەکەی وەرگێراوە و گرنگیەکی تایبەتی بە وەرگێڕانی واتاو بیرۆکەی دەقەکە داوە . زیاتر شێوەی وەرگێرانی تەفسیری گردۆتە بەر لەم وەرگێرانەدا" ٦ مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی یش لە لێکۆڵینەوەکەیداو لە میانی بەراورد کردنی هەردوو هۆنراوەی (بۆ گوڵی لاولاو و بۆ گوڵە نێرگزەکان ) دا ئەڵێ :" بەڵام کارتێ کردنی مانای ئەم شیعرە لە دڵ و دەروونی پەنگ خواردووی گۆران دا هێندە بەتینە کڵپە وکڵوکۆی دانامرکێ کردوویەتی بەکارێ کەلە دوا کۆپلەیدا بە تەواوی نزیك ببێتەوە لە وەرگێرانی حەرفی و بەهەموو مانای ووشە لە سنووری بیرو ئیلهام وەرگرتن دەرچێت و ووشەو رستە و ماناکان بەرەو هەواری وەرگێڕان مل بنێت ولەبەشی وەرگێڕان دا خۆی پێش چاو بخات .... کە ئێمە باسی دوا کۆپلەی ئەکەین و مۆرکی وەرگیرانی پێوە ئەلکێنین وە نەبێ لە کۆپلەی پێشوودا هەندێ دێری لە وەرگێڕان نەچێ بەڵام بە ئەندازەی دێرەکانی دوایی نیە ." ٧

بۆ روون کردنەوەی ئەم لایەنەو تیشك خستنە سەر چەمکە هونەرییەکانی شیعرەکانی گۆران و نرخاندنیان وەك شاکاری رەسەن بەڵام لەژێر کاریگەری ئەدەبی بێگانەداو بەتایبەتی ئەدەبی ئینگلیزی ، پێویستیمان بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پسپۆرانە هەیە و سەرنج دانێکی وورد و زانستیانە لە وێنەو بیرۆکەی ناو شیعرەکانی و بەرچاوخستنی لایەن و بیرۆکە شاراوەکانیان. گۆرانی بەهرەمەند بەتوانای خەیاڵی تیژی توانیویەتی چێژ و سوود وەرگرێ لە بیرۆکەو وێنەی شیعری جیاوازو ووردەکاری هونەری ئەو شاکارە ئەدەبیانەی خوێندویەتیەوە . لەپاڵ ئەوەشدا تواناو سەلیقەیەکی بێ سنووریشی هەبووە لە شێلان و دیسان بەرهەمهێنانەوەی ئەو بیرۆکەو وێنانە لە چوار چێوەی نیگاری قەشەنگ و تابلۆی دەگمەن و دیمەنی دڵفرێنی کوردستان دا، شان بەشانی بیرۆکەی رەسەنی کوردەواری نوێکراوە ، بەشێوەیەك کە خوێنەر بێ یەك و دوو هەست ئەکات ئەو هۆنراوانە ڕاستەوخۆ هەڵقوڵاوی ناخی کوردەواری و سروشتە

ئەفسووناوی و پاراوەکەی کوردستانن کە گۆران زۆر پەرۆش و شەیدایان بووە.یەکێ لەو هۆنراوانەشی" بۆ گوڵی لاولاو" ، کە زۆر بەڕوونی ئەو ڕاستیانە ئەسەلمێنێ.

## ٢-ڕۆبـــرت هـــێـــریـــك : " بـــۆ گـــوڵـــە نـــێـــرگـــزەکـــان "

ڕۆبرت هێریك لە لەندەن هاتۆتە دنیاوە ( ١٥٩١ - ١٦٧٤) وخوێندنی باڵای لە زانکۆی کامبرج تەواو کردووە . هێریك یەکێکە لە شاعیرە میتافیزیکیە بەناوبانگەکانی سەدەی حەڤدەهەم و گەورەترین شاعیرە لەناو کۆمەڵی شاعیرە (سوار چاکەکان / الشعراو الفرسان - Cavalier Poets) . زۆربەی هۆنراوەکانی هیریك کورت و لیریکن واتە شیعری ( گۆرانی - غنائی ) و" هەندێ لە ڕەخنە گرەکان باوەڕیان وایە کە هیریك گەورەترین شاعیری گۆرانیە لە شیعری ئینگلیزیدا . " ٨ . هۆنراوەکانی هیریك بە گشتی گەشبینی و خۆشەویستی مرۆڤ و رەوشت بەرزی و سەخاوەتی سوارچاکان لە ئامێز ئەگرن . زمانی هۆنراوەکانی ناسك و پڕ ئاوازەن و دیمەنی دلفرێنی لادێ و گوڵ و خونچە و کیژە شۆخەکان ئەنەخشێنێ ، " هیریك هەندێ جار باسی کیژان ئەکات وەك گوڵ وبەپێچەوانەوە ." ٩ لەساڵانی کۆتایی ژیانیدا هێریك بوو بە قەشە لە دیڤون شایر ولەوێ سەر لەنوێ سۆزی بۆ خۆشی و جوانی ژیانی لادێ و جەژن و بۆنەو سەماکانیان خرۆشایەوە . ڕیوی انگلیس و جوزفین سپیر لە کتێبەکەیاندا ( **سەر کێشی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا**- Adventures in English Literature ئەڵێن : " هێریك قەشەیەکی سەیربوو کە خۆشەویستی سروشت و خۆشیەکانی ژیان بەسەریا زاڵ بوو هەروەك خوانەناسەکان " ١٠

### TO DAFFODILS

Fair Daffodils ,we weep to see
You haste away so soon
As yet the early - rising sun
Has not attained his noon
Stay , stay ,
Until the hasting day
Has run
But to the even – song ,
And having prayed together, we
Will go with you along

We have short time to stay as you ,
We have as short a spring ,
As quick a growth to meet decay
As you or anything.
We die,
As your hours do and dry
A way
Like to the summer's rain,
Or as the pearls of morning dew,
Ne'er to be found again.

Robert Herrick

### بـــۆ گـــوڵـــە نـــێـــرگـــزەکـان

ئـەی گوڵە نێرگزە کاڵەکان ئێمە ئەگرین کە ئەبینین
ئێـوە وا زوو بەســەر ئەچــن
کە هێشـــــتا ڕۆژی تازە هـەڵهاتوو
نەگەیشتۆتە نیوەڕۆ
بمێننەوە ، بمێنـــنـەوە
تاکو ڕۆژی بەپــەلە
ئاوا ئەبــێ و
کاتی نوێژی ئێوارە دێ
دوای ئەوە پێکەوە نوێژ ئەکەین
ئێمە یش لە گەڵتانا دێین

وەك ئێوە ئێمەش تەمەنمان کورتە
بە هاریشمان وەك ئێوە کورت و کەم خایەنە
زۆر زوویش گەورە ئەبین لە پێناوی مردنا
وەك ئێوە و هەمـوو شتێکی تر
ئێمەش ئەمرین
بەچەشنی ساتەکانی تۆ .
کە وشـك ئەبنەوە
بەچەشنی بارانی هاوین کە خێرا خۆش ئەکات
یان وەك ئاوزنگی بەربەیان
کە جارێکی تر کەس نایبینێ

بـــۆ گـــوڵـی لاولاو

(( عبداللە گـۆران ))

به کوڵ گریان له چاوم دێ گوڵی لاولاوی ڕەنگاو ڕەنگ
لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو ؟ چیه ئەسبابی ژاکانت
هەموو تاوێکه ڕۆژ هەڵهاتووە ، بۆچی وەها بێ دەنگ
ئەژاکێی توخوا ئەی گوڵ ، سەبر دەستم به دامانت !

*****************

سەبر تووبی خوا ، تاوێکی تر ڕاوەسته تا عومرم
وەکوو ڕۆژی چلەی زستان لەهەوری مەینەت ئاوابێ
منیش هاوڕێی سەفەرتم ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم
منیش خلیقەت وەکو تۆ وانەبێ زۆرم لەگەڵ چا بێ

********************

منیش وەك تۆ بەقام کورتەو بەهارم تیژو کەم فرسەت
گەشەم مەیله و زەواله چەشنی تۆ چەشنی هەموو دنیا
وەکوو بارانی هاوین زوو فەنایه عومری بێ مروەت
تەبەخورمایەیه هەیهات به چەشنی شەونمی سەر گیا

## ٣-ناونیشان یان سەردێری هەردوو هۆنراوەکه :

ئەگەر سەرنجی سەردێری هەردوو هۆنراوەکه بدەین و بەراوردیان بکەین ڕاستەخۆ ئاشکرا ئەبێ که گۆران هەر له سەرەتاوە خۆی نەبەستۆتەوە بـه ناونیشانەکەوە ، یان هۆنراوەکەوە ووشه بـه ووشه وەریگێڕێ. هیریك گوڵی نیرگز ئەشوبهێنێ به کیژێکی ئینگلیزی ڕەنگ کاڵ ، ووشەی ( Fair ) لـه ئینگلیزیدا واته کچێکی قژ زەردی سپی پێستی چاو سەوز که ئەم ڕەنگانه له نێرگزدا هەن. گۆران وەك بلیمەتێك ناونیشانێکی نوێ و زۆر گونجاو تری بۆ هۆنراوەکەی خۆی داناوە که ئەمەش بـه داهێنـان و نوێکاری ئەدرێتە قەڵـەم چونکه گوڵ لاولاو شیاوترە بـۆ بیرۆکـەی هۆنراوەکه کەباسی تەمەن کورتی ئەکات . ئەگەر بـه ووردی سـەرنج بدەینـه ڕاستیەکانیسروشت ئـەبینین کـه ژیـانی گـوڵ لاولاو کورت ترو کەم خایەن ترە له ژیانی گوڵ نێرگز. سەرەڕای جوانی، ڕەنگی هەمـه جـۆری هەیـه وەك بـەرگی ئـاڵ و واڵای کیژێکی لادێی کوردەواری گوڵی لاولاو زۆر ناسکیشەو تەنیا چەند ساتێك ئەژی لەبەرەبەیانەوە تا پێش نیـوەڕۆ . واتـه پێش نیوەڕۆ ئەژاکێ و کۆتایی دێت، وەهەر ئەو ماوەیەش دەست نیشان کـراوە بـۆ ژیـانی هـەردوو گوڵەکـه لـه هـەردوو هۆنراوەکەدا:

هیـریك ئەڵێ : " که هێشتا ڕۆژی هەڵهاتووش نەگەیشتۆته نیوەڕۆ ."

گۆرانیش ئەڵێ : " هەموو تاوێکه ڕۆژ هەڵهاتووە . . . . . . . . . .. "

لەو دووەدێرەی سەرەوەدا به ئاشکرا دەرئەکەوێ که کاتی سیس بوون و ژاکانی گوڵەکه پێش نیوەڕۆیـه هەرچـەنده گۆران ڕاستەوخۆ ووشەی ( نیوەڕۆ ) بەکارناهێنێ به واتایەکی تر پرۆسەی ژاکان و مردنی گوڵەکه دوای چەند ساتێك له گەشانەوەی دەست پێ ئەکات . ئەم ڕاستیه سروشتیه ئەگونجێ لەگەڵ ژیانی گوڵی لاولاو نەك نیرگز که چەند ڕۆژێك یان هەفتەیەك ئەژی . گۆران کاتێك مامۆستای سەرەتایی بووە له چەند دێیەك ژیاوە وەك قەرەداخ، بێجگه لـەوەی کـه سەردانی زۆری تریشی کردووە . بەهۆی سەرنجی ووردو بیری تیژیەوە توانیویەتی گۆرانکاریـەکانی سروشت ونـەش و نمای گوڵ وخونچه و سـیس بـوون و ژاکانیـان بزانێت. وئـەو زیرەکیـەی بـەکار هێنـاوە لـه هـەڵبژاردنی گوڵی لاولاو بۆ ناونیشانی هۆنراوەکەی چونکه گونجاوترە لەگەڵ بیرۆکەی کورتی بـەهار ( لاوی ) و بەگشـتی ژیـانی گوڵەکـەش و

مرۆڤیش .. وگوڵی‌نیرگزی هەڵنەبژاردووە لەگەڵ ئەوەشدا کە گوڵێکی زۆر باو و نازدارە لە کوردستان دا. هیریك وەك گۆران ژیانی لادێی دیوە و چێژی لێ بینیوە بەڵام وەك ئاشکرایە ئەو ووردەکاریە زانستیەی بەکار نەهێناوە لە شیعرەکەی داو بەلایەوە مەبەست نەبووە کە ئایا ئەو کاتەی دیاری کردووە بەراستی ئەگونجێ لەگەڵ تەمەنی گوڵەکە یا نا ؟

## ٤-کێش و سەروا لە هەردوو هۆنراوەکەدا :-

" بۆ گوڵە نێرگزەکان " ی هیریك پێك هاتووە لە دوو کۆپلەی دە دێڕی و بەگشتی کێشی پەنجەیی ( ئایامبس __ Iambus __ ٧١ ) (سوك و قورس ) بەکار ئەهێنێ دوو برگەی و سێ برگەیی و چوار برگەیی بەدوای یەکدا ، کەئەمەش کێشێکی سوك و ئاسانە و پڕ ئاوازە و خێرایە . لە راستی‌دا شیعرەکەی هیریك گۆرانیەکی خێرا و پر لە بزووتنەوە و سەمایە بەڵام دەربارەی ناوەرۆکی وەك — دیاردەو کێشە و پێشهاتە سەختەکانی ژیانە وەك مردن و بابەتی سەنگین و قورس واتە فۆرم و ناوەرۆکی شیعرەکە پێچەوانەی یەکترین و زۆر گونجاو نین لەبەر ئەوەی وەك ووتمان بیرۆکەی شیعرەکە غەمگین و سەنگینە و ناگونجێ بۆ ئاوازی خێرا . لەلایەکی ترەوە (( بۆ گوڵی لاولاو )) ی گۆران پێك هاتووە لە سێ چوارینە کە کێشێکی تا رادەیەك لەسەر خۆ و قورسی هەیە هەر دێڕێك لە شیعرەکە پێك هاتووە لە چوار هەنگاو ( foot ) و هەر هەنگاوێك چوار برگەی تیادایە :یەك برگەی کورت کە سێ برگەی درێژ بە دوایی دێت . برگە درێژەکان ڕەزمەکە Rhythm خاوتر و قورستر ئەکەن .

**بەکوڵ گریان / لە چاوم دێ / گوڵی لاولاو / ی رەنگاو رەنگ**

ئەم رەزمە یان کێشە زۆر گونجاو ترە بۆ ووروژاندنی بیرکردنەوەی قووڵ وڕامان و سەرسورمان و هەژاندنی هەست بە سامناکی و گرنگیدان و بەتەنگەوە هاتن و خەم و پەژارە و ڕێز دەربرین بۆ نهێنیەکانی ژیان و مردن کە ئەمانە هەمووی بیرۆکەی هۆنراوەکانن و چەمکی کەسێتی سەلار و سەنگینن .گۆران تێروانینێکی فەلسەفی هەیە بۆ ژیان و مردن و تا رادەیەك رەش بین ترو بێ ئومێد ترە ، لەبەر ئەوە زۆر سەرکەوتووترە لە هەڵبژاردنی کێش و سەروای شیعرەکەی‌دا کە ئیقاعێکی خاوی هەیە . بەپێچەوانەوە هیریك تیروانینێکی ئایینی هەیە و وبێ دەربەست ترە لە مردن و شیعرەکەی ئیقاعێکی هەیە ، نزیکە لە ئیقاعی لێدانی دڵەوە کە بزێوە و بۆ دەربرینی خۆشی باشترە .

## ٥-وێنەی هونەری و ئیدیۆم لە هەردوو هۆنراوەکەدا :

هەر لە کۆنەوە هەندێ وێنەی شیعری و بیرۆکەو ئیدیۆم هەن کە بەگشتی زۆر باون لە ئەدەبی جیهانی دا .لە وانە وێنەی گوڵی ناسك و بەهارو کورتی تەمەنیان،خێرایی هەڵوەرانی گوڵان و تێپەڕبوونی بە پەلەی ڕۆژ بە شێوەی کەوانەیەك بەئاسماندا و ئاوا بوونی ، کە هەمیشە بەراورد کراوە لەگەڵ سەردەمەکانی ژیانی مرۆڤ وەك سەردەمی منالی و لاوی هەرەتی تەمەن و پیری ومردن .شان بەشانی ئەم وێنانە هەندێ بیرۆکەی باویش هەبون وەك بیرۆکەی (Carpe Diem – Sieze the Day)واتە بەفیرۆ نەدانی ساتەکانی ژیان و ئەوپەڕی سوود وەرگرتن لێیان .ئەمانە هەرچەندە وێنەو بیرۆکەی زۆر باون هەر لە کۆنەوە تا سەردەمی ئێستامان بەڵام هەردوو شاعیر بەکاریان هێناون نەك وەك وێنەو بیرۆکەی کۆن و سواو بەڵکو بەچێژو داهێنانێکی نوێوە . بۆ نموونە هیریك وێنەی گوڵە نێرگز بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار ئەهێنێ کە ڕاستەوخۆ ئەیدوێنێ وەککیژێکی شۆخی کاڵ و ناسك ووشەی ( Fair) لە ئینگلیزی دا واتە سپی و سەوز و زەرد کە وەك کیژێکی ئینگلیز وایە وتەمەنی کورتی ئەشوبهێنی بە سەردەمی لاوی و بارانی هاوین و شەونمی بەیان و تەمەن کورتی مرۆڤ بە گشتی .پاشان ئەم ووردەکاریە کورت ئەکرێتەوە و ئەگاتە پۆپە لە دوو وشەدا (ئێمەش ئەمرین) .شاعیر ئەگاتە ئەم ئەنجامەو بە هێمنی ئەیسەلمێنێ وەك سەرەنجامێکی نەگۆڕ و

ڕاستیەكی ڕوون و ئاشكرا كەمەودای هیچ بەر پەرچ دانـەوەو بەرهەڵستی و گفتوگۆیـەك نـادات . هیریك وەك پیـاوێكی ئاینی و فەشەیەكی ئیماندارى باوەڕ قایم ، بیروباوەڕەكانی كەنیسەو فەرمایشت و ڕێنماییـەكانی ئـاین و ڕاسـتیەكانی ژیانی ڕۆژانە ئەسەلمێنێ بێ یەك و دوو یان دركاندنی دوو دڵی و ناڕەزایی.

ئێستە ئەگەر شیعرەكەی گۆران بە هەمان پێوەر بخەینە بەرتیشكی لێكۆڵینەوە ،ڕاستە وخۆ تواناو بەهرەمـەندی گۆرانمان بۆ دەردەكەوێ لەم بوارەشدا. ڕاستە گۆران هـەندێ وێنـەی شیعری و بیرۆكـەی شیعرەكەی هیریكی دووبـارە كردۆتەوە بەڵام هەر لە سەرەتای هۆنراوەكەیەوە بە ئسلوبێكی جیاواز بـەكاریان ئـەهێنێ كـەزۆر ڕەسـەن و تایبەتـە بـە كەسێتی خۆی وەك مرۆڤێكی ڕوناكبیر و كەسێتی مرۆڤی كورد بەگشتی وەك كەسێكی دڵ ڕەنجاو ڕەشبین . گۆران ڕاستەوخۆ بەپێی سروشتی كوردستان و پێوەری ژیانی كوردەواری تابلۆكانی ئەكێشێ ، و ئیدیۆمـەكانی زمـانی كـوردی بەكار ئەهێنێ كە ژیانیكۆمەڵایەتی كورد و كەسێتی كورد دەرئەخات. بۆ نموونە هیریك كە ئەڵێ ﴿ ئێـمە ئەگـرین كـە ئەتبینیـــن ﴾ یان ﴿ ئێمـە ئـەمـریـن ﴾ دەربڕینەكـەی تـەنیا دەستەواژەیەكیلەسـەر خـۆو ئاساییە. بـەڵام دەربڕینەكەی گۆران { بـە كـوڵ گـریان لە چـاوم دێ } گریانێكیئاسایی نیە ، بەڵكـو زۆر سەخت و تاڵە . ووشەی ( بە كوڵ ) خۆی لە خۆیدا گروكوڵاندن ئەخاتە بـەرچاوی خـەیاڵ بـە جۆرێك كە هەست ئەكەیت كە دەروونی شاعیر هەژان وهەڵچوونی زۆری تیایە و وەك ئاوی لە كوڵ فرمێسك هەڵئەچێ و بەشێوەیەكی لە ڕادەبەدەر بە چاویا ئەڕژێتـە خوارێ. گۆران دەنگسازی و ئاوازی تایبەت بەكار ئەهێنێ بۆبە دەست هێنانی دەنگی گریان و هەنسك كە پێی ئەووترێ ( ئۆنەماتەپیا ) ( onomatopoeia ) . ئەگەر سەرنجی دووبارە بوونەوەی دەنگی ( گ ) و ( هـ ) بدەین لە دوو دێڕی یەكەم و سێهەمی كۆپلەی یەكەمدا ، بەئاشكرا هەست بە سۆزێكی گریانی بە كوڵ و هەنسكێكی تاڵ ئەكەین :

بە <u>كـ</u>وڵ <u>گـ</u>ریان لـە چـاوم دێ <u>گـ</u>وڵـی لاولاوی ڕەنـ<u>گـ</u>او ڕەنـ<u>گ</u>

<u>هـ</u>ـەموو تاوێـ<u>كـ</u>ـە ڕۆژ <u>هە</u>ڵ<u>ها</u>تووە بـۆچی وە<u>ها</u> بێدەنــگ

بێجگــە لـە دەنـگی گریان كەلە كۆپلەی دووەم و سێهەمیشدا دووبارە ئەبێتەوە، ئەبینی كە هەوری نا ئومێدی و خەمناكی سەراپای هۆنراوەكەی گرتووە. دەربڕینەكانی گۆران لە چوارینەی یەكەم دا خراونەتە شێوەی سێ پرسیاری زۆر سەركەوتوو كە یەك بە دوای یەكدا دێن و دەربارەی ڕووداوە تاڵەكانی سیس بوون و ژاكان و مردن ئەپرسن :

لەبەر چی سیس ئەبی وا زوو ؟ چییە ئەسبابی ژاكانت ؟

هەموو تاوێكە ڕۆژ هەڵهاتووە ، بۆچی وەها بێدەنگ

ئەژاكێی ؟ توخوا ئەی گوڵ سەبر دەستم بە دامانت !

ئەم پرسیارانە گوزارە لە دڵە ڕاوكێ و سەر سورمان و شڵەژان و هەژانی دەروونی ئەكەن بەرامبەر تەلیسمی ژیان و مردن .لەهەمان كاتدا دوو دڵی و نیازێكی شارەوەیان تیا بەدی ئەكرێ بۆ تاوانبار كردنی هێزێكی كوێرانـەی توقێنـەر كە شاعیر داوای بەرهەڵستی و بەرەنگار بوونەوەی ئەكات :

**﴿ بۆچی وەهـا بێ دەنـگ ئـەژاكـێی / سـەبر دەسـتم بەدامانـت ﴾**

گۆران وەك بلیمـەتێك و فەیلەسوفێك ئەیـەوێ بنەمایـەكی لۆجیكـی واتـە هـۆ و دەرئـەنجام بـۆ ئـەو تەلیسـمە بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوە هاوارێكی زۆر كاریگەر لە گوڵە كـە ئـەكات ( هـەروەها لـە مـرۆڤ ) كە ڕاوەسـتێ ، بپرسـێ ، تـێ بگات ، شتێك بڵێ یان وەڵامێك بدۆزێتەوە وبەرەنگاری نەزانی و چارە ڕەشی خۆی بێتەوە چونكە شاعیر خۆشی بەشێكە لە تراژیدیای كەساسی و سەردانەواندن بۆ چەپۆكی دڕندانەی خیلقەتێك و گەردوونیكی سامناك و بێ پەروا .

سەبر تو بی خوا ، تاوێكی تر ڕاوەستە تا عومرم

وەكو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ

منیش هاوڕێی سەفەرتم ئەی گوڵی لاولاو منیش ئەمرم

منیش خیلقەت وەكو تۆ ، وانەبێ زۆرم لەگەڵ چابێ

گۆران ئیدیۆمی ( چلەی زستان ) بەكار ئەهێنێ كە چل ڕۆژی ناوەڕاستی وەرزی زستان ئەگرێتەوە. ڕۆژی زستانی كوردستان بێجگە لە كورتی، پر مەینەتیشە وزانراوە بە ئاووهەوای سارد و ئاسمانی هەور گرتوو و زوقم وبەستەڵۆك و بەفر و ڕەشەباو كێڵگەی رووت و تەنگ و چەڵەمەی ئابووری كە وەك ئەڵێن ( زستانە بەرگی هەژاران دڕا ) بە تایبەتی لای جوتیاران و گوند نشینان . لەبەر ئەوەیە كە وەرزی زستان و بەتایبەتی چلەی زستان هەمیشە لە ئەدەبی كوردیدا گرێ دراوە لەگەڵ گیرمە و كێشەو بەرەنگار بوونەوەی ئازاراوی نێوان مان و نەمان ( هەوری مەینەت )و بە گشتی لەگەڵ واتاكانی دلگیری و غەمناكی وهەژاری و پیری و مردن. لەبەر ئەوە گۆران زیرەكیەكی بێ هاوتاو نوێكاریەك دەر ئەخات كە هەموو ئەو واتاو وێنە و بۆ چونانە كورت ئەكاتەوە لە دوو دێڕێكی وەك :

سەبر توبی خوا ، تاوێكی تر راوەستە تا عومرم

وەكو ڕۆژی چلەی زستان لە هەوری مەینەت ئاوابێ

ئەم دوو دێرە واتاكەیان زۆر قوڵتر و فراوانترە لە بۆچوونەكەی هێریك، وە زۆر پەیوەندی دارە بە ژیانی كوردەواریەوە وەك ڕۆژهەڵات ناس توماس بوا لە كتێبەكەیدا (( كوردەكان )) كە پرۆفیسۆر م. و. م ویلاند وەری گێڕاوەتە سەر ئینگلیزی دەربارەی گۆران ئەڵێ :- " قارەمانی ئازادی بوو لە ژیان و بیروڕادا " ١١ وچاكردنی بنەما كۆمەیەڵاتیەكانی بەلاوە مەبەست بوو، بە جورێك كە بیرو ڕاكانی بوون بە هۆی ئاشنا بوونی بە زیندانەكانی بەغداد. گۆران ژیانی خۆی و جوتیاران و هەژاران و سەراپا میللەتەكەی ئەشوبهێنێ بە ڕۆژە كورت و سەخت و دژوارەكانی چلەی زستان لە واتایەكی هونەری وادا كە ئەوەندە كاریگەر و قووڵە بەسە بۆ سەلماندنی بلیمەتی گۆران و دووری هۆنراوەكەی لە وەرگیرانی سادە و ساكار یان (( تەفسیری )) شیعرەكەی هیریك. ئەم هونەرەش واتە بەكارهێنانی ( Connotation) واتە هەموو ئەو رووبەرە فراوانە لە مانا، بێجگە لەمانا سەرەكیەكە ،كە ئەبێتە هۆی ووروژاندن و بیرخستنەوەیان . ژیان سەرەرای كورتیەكەی كە وەك خەونێك وایە ، بێ متمانەو بێ هیچ بنەمایەكی راستەقینەیە . ئەم راستیە ئەندێشەی گۆران قووڵتر ئەبزوێنێ بەرەو نهێنیە پەی پێ نەبراوەكانی ژیان و مردن :

منیش وەك تۆ بەقام كورتە و بەهارم تیژ و كەم فرسەت

گەشەم مەیلەو زەواڵە چەشنی تۆ ، چەشنیهەموو دنیا

وەكوو بارانی هاوین زوو فەنایە عومری بێ مروەت

تەبەخخور مایەیە هەیهات بە چەشنی شەونمی سەرگیا !

هاواری گۆران هاواری مرۆڤێكی زوڵم لێ كراوە ( فەنایە عومری بێ مروەت ) ( منیش وەك تۆ بە قام كورتە و بەهارم تیژو كەم فرسەت ) بانگەوازێكە بۆ مرۆڤایەتی كە نابێ بەئاسانی خۆ بەدەست هێزی مردنەوە بدات كە لێرەدا گۆران شوبهاندویەتی بە دیكتاتۆرێكی بێ ئینساف و بێعەدالەت كە ئەبێ بەرپەرچ بدرێتەوە چونكە چ گوڵەكە و چ مرۆڤ زۆر بێ تاوانە لە هاتن و مردنی دا. ئەمە لە كاتێكدا كە هیریك داوای نوێژ كردن و پارانەوە ئەكات بۆ بەدەست هێنانی لێخۆش بوون بۆ تاوانێك كەمرۆڤ دەسەڵاتیتیادا نیە وەبێ هێزیەك كە سروشت خۆی دروستی كردووە . باوەری گۆران وایە كە مرۆڤ پێویستە هەوڵی ئەوە بدات ژیان باشتر تێ بگات لەرێی بەدەست هێنانی زانست و زانیاری دەربارەی ڕاستیە شاراوەكانی سروشت و ژیان و مردن، و فەلسەفە رەوشتیەكەی كە ئەتوانرێ لێیان دەربهێنرێ. بەواتایەكی تر داوا لە مرۆڤ ئەكات كە بەردەوام بێ لە بەدواداچوونی زانست داو ئەمەش مافێكی ڕەوای خۆیەتی و سەرەنجام ڕەوشتی باشی لێ ئەكەوێتەوە، بە دوور كەوتنەوەی مرۆڤ لە دڵرەقی و خراپەكاری و سەركوت كردن و

ئازاردانی یەکتر و توندو تیژی .مرۆڤ هەر لەڕێی زانست و زانینەوە و بەهۆی ئەوانەوە ئەتوانی ئۆخەی سەر فرازی هەڵکێشێت و خەم و ئازاری برەوێتەوە و ئامادە بێت بۆ پەسەند کردنی ڕاستیە شیرین و تاڵەکانی ژیان و بەدڵنیایی و ئاسوودەیی لەگەڵیانا هەڵ کات . مرۆڤ ئەبێ هەموو هەوڵ و توانایخۆی بخاتە کار بۆ ئەوەی تەمەنی کورتی ئەوپەڕی بەرهەم و سوودی هەبێ بۆ خۆی وکۆمەلگەکەی و مرۆڤایەتی بەگشتی .

## ٦-سەرەنجامی لێکۆڵینەوە:

لەوێژەدا وەك لە هەموو بوارەکانی تری ژیان دا لە زانست و رۆشنبیری و ..... هتد نووسەران و داهێنەران بە ئاسایی سوود وەرئەگرن لە نووسین و بەرهەمی پێشووانیان و تەنانەت هاوسەردەمەکانی خۆیان بە نیازی ئەنجامدانی کاروبەرهەمی نوێ و تەواو کردن و گەشەپێدانی کارە رۆشنبیریەکانی مرۆڤایەتی و زیاتر بڵند کردنی تەلاری شارستانیەت. بەهەمان شێوە ئەدەب و شیعری ئینگلیزی کاریگەر بووە لە مێشك و دەروونی گۆران. لەم لێکۆلینەوەیەدا هەوڵم داوە بە بەڵگە بیسەلمێنم کە ئەو کارتێکردنە پرۆسەیەکی سروشتی و ڕاست وزۆر بەسوود بووە بۆ گۆران لەبەر ئەوەی کە رۆشنبیری و هۆشمەندی خۆی پێ موتوربەو دەوڵەمەند کردووە. گۆران ئەو رۆشنبیریە نوێیەی کەلە نووسەرانی بێگانە بەدەستی هێناوە وەك وەرگێڕێك یان لاساییکەرەوەیەك یان بەریگەیەکی نەگونجاوو بێ کەڵك بەکاری نەهێناوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە وەك وەستایەکی کارامە ئەو زانیاریانەی لە مێشکی دا خەملاندووە و سەر لەنوێ بەتام و چێژ و بۆوبەرامەو بەرگێکی نوێی کوردەواریەوە دایرشتۆتەوە بە جۆرێك کە بە پێوەری کەلتوری و رۆشنبیری مرۆڤی کوردزۆر پەسەندە. ئەو کارتێکردنە بێگانەیە بە جۆرێك ڕەنگی داوەتەوە لە بەرهەمەکانی گۆران دا کە بەنوێکاریەکی زۆر بەسوود دائەنرێ بۆخزمەت کردنی ئەدەبی کوردی و کۆمەڵێ کوردەواری .

## الخلاصة

في الادب ، كما في حقول المعرفة الاخرى ، يلجأ المؤلفون و المبدعون عادة الى الاستفادة من اعمال و نتاجات الاخرين الذين سبقوهم في ذلك الحقل او المعاصرين لهم، كوسيلة لانجاز اعمال و نتاجات جديدة لاجل تكملة ما بدأ به الاخرون على طريق بناء الحضارة الانسانية الشامخة. ومن نفس المنطلق ، فقد تأثر الشاعر الكردي الكبير عبدالله طؤران بالادب الاجنبي و بالاخص الادب و الشعر الانطليزيين . في بحثي هذا احاول ان أثبت بالادلة العلمية أن هذا التأثر كان طبيعيا و صحيا و مفيدا جدا و مبررا بالنسبة للشاعر حيث انه اغنى ثقافته و خلفيته التراثية. فالشاعر لم يستخدم الثقافة الجديدة التي بلغته من الاجانب كمقلد فقط او بطريقة غير ذي فائدة بل على العكس فقد قام بتغييرها و تشكيلها مرة اخرى كمفكر مبدع لاجل ان تصبح مقبولة من الذوق و التراث الفكري الكردي . وشعت تلك الثقافة في شعره بحيث بدت جديدة و مفيدة في خدمة المجتمع الكردي .

## CONCLUSION

In literature , as in any other field of knowledge , writers and innovators usually make use of the works and productions of those who preceded them and also their contemporaries . This can be done as a means to achieve new works or productions in order to continue what others had begun on the way of building the huge human civilization. Following the same principle, the great kurdish poet, Abdulla Goran came under the influence of foreign literature , especially English literature and

poetry. In my research I proved that this influence was something natural , healthy, and very useful to him .It is well justified because it enriched his educational and cultural background. He did not use the new education which came from foreigners uselessly as a mere imitator , but on the contrary, he moulded it again as a thinker and genius, in order to make it acceptable to the kurdish culture and taste. It was changed in a way that makes it new and remarkable in serving the kurdish society .

پـــــەراوێــزەكان :


١-دكتۆر معروف خەزنەدار ، **رۆشنبیری نوێ** ژمارە ( ٩ ) – كانوونی یەكەمی ١٩٦٩ ل ١٩٩ .

٢-عومەر مەعروف بەرزنجی ، " **گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی** " ، **رۆژی كوردستان** ژمارە(٤٢)تشرینی دووەمی ١٩٧٦ ل( ٤١ )

٣-دكتۆر معروف خەزنەدار ، **رۆشنبیری نوێ** ژمارە ( ٩ ) – كانوونی یەكەمی ١٩٦٩ ل ٢٠٢ .

٤- عومەر مەعروف بەرزنجی ، " **گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی** " ، **رۆژی كوردستان** ژمارە(٤٢)تشرینی دووەمی ١٩٧٦ل ( ٤١ )

٥-عومەر مەعروف بەرزنجی ، هەمان سەرچاوە ............

٦-لەتیف سەعید ، ( " **بۆ گوڵی لاولاو** " و " To Daffodils" **وەرگێرانە یان سود لێ وەرگرتنە** ) لێكۆڵینەوە، پێشكەش كراوە لە كۆلیجی ئاداب / زانكۆی صلاح الدین ل ١٦ –١٧ .

٧-عومەر مەعروف بەرزنجی ، " **گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی** " ، **رۆژی كوردستان** ژمارە(٤٢)تشرینی دووەمی ١٩٧٦ل ( ٤٣ )

٨- چیاو الجبوری و هشام الشمری، " **دیوانی ئەدەب بۆ ماموستایان** " / *A Literary Anthology for Student Teachers*هەولێر ، ١٩٨٨ ، ل ١٦ .

٩-عبدالرحیم عبدالمطلب ، عبدالرزاق فاخر و علاو الدین الجبوری " **پەخشان و هونراوەی ئینگلیزی** " **پێشەكیەك**" / *Introduction To English Prose And Poetry* بغداد ، ١٩٨٤ ، ل ٤٦ .

١٠- انگلیس ریوی بیل و جوزفین سپیر " **سەر كێشی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا** " / *Adventures in English Literature* نیویورك ١٩٥٨ ، ل ٢١٧ .

١١- توماس بوا ، كوردەكان / *The Kurds* / پرۆفیسۆر M.W.M Welland لە فەرەنسیەوە وەریگێراوەبۆ ئینگلیزی . بیروت ١٩٦٦ . ل ١٣٤ .